www.kurdistannet.org
8-2-2003 22:11

# کوردوسوپای ئەمریکی ومیدیاکانی عەرەبی ......!!!!!!

ئەیوب گەلالی
ayoubgalali@hotmail.com

من نازانم ناوەندومیدیاکانی عەرەبی خۆیان لێ نەزان دەکەن یان کالفامن بەرامبەر بەوەی کەوا بۆماوەی ( ١٢) ساڵی رەبەق دەچێت ولاَتە یەککگرتووەکانی ئەمریکاو بەریتانیا لەو ناوچە ئارامیەی هێلی ( ٣٦) دەمانپارێزن ـ کە هێچ شەرمێکمان پێی‌نیەونکۆلیشمان لی‌نەکردوە-و نایەلن هێزەکانی عێراق لەبەرامبەرمان پەل ببزوێنن ونزیکمان ببنەوە، ئاخر لەماوەی ئەم ( ١٢) ساڵەدا بەدەیان رۆژنامەنووس وشاندی رۆشنبیری وکەسایەتی سیاسی عەرەبی ئەم پرۆسەو واقیعەیان بینیوە تەنانەت هەندێکیان دوای رێزلێگرتن و خزمەتکردنێکی زۆر-لە ماوەی میواندارییان- هەرکەپێیان لە کوردستان ئاوا بوو زۆر نا ئەمەکانە وەسفیان کردین و ئەم هەرێمە یان بە ( منگقە الحقر الجوی) و دیناری سویسری وناوچەی‌قاچاغ ناوزەدکرد.

بەبۆ چونی من وروژاندی ئەم پرسە لەلایەن ئەم میدیایانەوە بۆ ئەوەیە کەعەرەبەکان دەیانەوێ خۆیان لەورەخنانە بدزنەوە کەرۆژانە رووبەڕوویان دەبێتەوە سەبارەت بەبوونی هێزەکانی ئەمریکاو بەریتانیا لەولاَتەکانیان، چونکە حالَی حازر زیاتر لە ( ١٠٠٠٠٠) سەد هەزار سەربازو مارێنزی ئەمریکی‌و بەریتانی بەهەموو هێزو توانایان لەناوچەی کەنداوادن و لەوپەڕی ئامادەباشیشدان بۆ هەر ڕووبەرووبونەوەیەك ئەوەجگە لەتورکیاو ئەردەن و چەندین ولاَتی دیکە کەهێزەکان ( مام سام) بەئارەزووی خۆیان تیایاندا جرت و فرتیتیان.

لەهەمووش سەیرتر ئەوەیەکە ( هێزەکانی سوپای ئەمریکی) لە کوێت سایتێکی تایبەت بەخۆیان بە ناونیشانی ( قوات الجیش الامریکی) www.kuwait.army.mil کردۆتەوە جا ئەوانەی زانیاریان لەم بارەیەوە نییە فەرموو با پەیوەندی بەو سایتەوە بکەن.

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەلاَم بەهۆی بروا بوونمان بە ئازادی دەربرینەوە، بلاَویدەکەینەوە..... لەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم رێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣